**ژمارە:116**

**بەروار:2022/12/31**

- **3193 کارمەندی خاوەن گرێبەست دامەزران لە سەر میلاکی هەمیشەیی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان.**
- **ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەردەوامە لە پەیوەندی کردن لە گەڵ ئۆفیسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان وناوەندەکانی.**
- **کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە پەیوەندی کردنی بەردەوام لە گەڵ هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان .**
- **کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەشداری دەکات لە هەڵبژاردنی بەلەمانی قوتابیەکان .**

**ووتەی هەفتانە**

**سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان شادومان بوون بە کارمەندە خاوەن گرێبەستەکان لە سەر ملاکی هەمیشەیی پاش هەوڵدانی زۆر لە لایەن ئەنجومەنەوە بە پەیوەندی کردنی بەردەوام لە گەڵ ئەنجومەنی وەزیرانەوە و وەزارەتی دارایی ، لە کۆتاییدا ئەم کرێبەستانەی مافی خۆیان وەرگرت وئەم کارمەندانە بە بێ وچان کاریان دەکرد لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ، هەروەها ژمارەیان پێکهاتووە لە (3193) کارمەند ، لە ئەنجامدا دەبن بە هۆکاریکی زیاتر بۆ ئاسوودەیی ژینگەی کار ، هەروەها ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کارمەندە خاوەن گرێبەستی هەڵبژاردنەکان .**

**هەروەها بۆ زیاترکردنەوەی پەیوەندی کردن لە گەڵ هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لیژنەیەکی بەناوی ( پەیوەندی کردن لە گەڵ هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دامەزرا ) بە سەرۆکایەتی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وئەندامێتی بەرێوەبەرِی گشتی فەرمانگای حزبەکان ورێکخراوە سیاسیەکان وبەرێوەبەرەکانی بەشە تایبەتەکان لە ئۆفیسی نیشتیمانی ، بۆئەنجامدانی نەدوەی رۆشنبیری لە گەڵ بریکاری حزبە سیاسیەکان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ـ بۆ ئاڵوگۆرکردنی بیرورا لە نێوان کۆمیسیۆن وهاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان وروونکردنەوەی یاسا وسیستمی وئەو رێکارانەی کەوا بەپێی کۆمیسیۆن کاردەکات ، بۆ نەخشەکێشانی پیلانی کار بۆ بەرژەوەندی کاری هەڵبژاردنەکان .**

**هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی جیاواز لە رێگای بازنەیەکی ئەلیکترۆنیەوە لە گەڵ بەرِێوەبەرەکانی ناوەندەکانی تۆمارکردنی تایبەت بە نووسینگەکانی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان ولە چوارچێوەی بەدواداچونەوەی بەردەوام لە لایەن سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وسەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بۆ کارەکانیان ، ئەندام ئەنجومەن دادوەر** (فیاض یاسین حسین) **کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە گەڵ بازنەی یەکەمی ئۆفیسی نەجەف هەڵبژاردنەکان ، ودادوەر (عباس فرحان الفتلاوی) لە گەڵ بازنەی یەکەمی ئۆفیسی سلیمانی هەڵبژاردنەکان ، ودادوەر (فتاح محمد حسین ) لە گەڵ بازنەی یەکەمی ئۆفیسی سەلاحدین هەڵبژاردنەکان ، بە ئامادەبوونی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وهەردوو یاریدەدەری سەرۆکی بەرِێوەبردنی هەڵبژاردنەکان ، بۆ گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی کارەکانی کارمەندەکانی ناوەندەکانی تۆمارکردن وتیمە گەرۆك لە دابەشکردنی کارتەکانی دەنگدان وتۆمارکردنی دەنگدەران بە شێوەی بایۆمەتری ، وێرِای گفتوگۆکردنی لایەنی کارگێرِی ودارایی ویاسایی وپێشنیاریەکانیان کەوا دەبێت لە بەرژەوەندی زیاترکردنەوەی رێژەی تۆماری بایۆمەتری لە گەڵ دڵنیابوون لە سەر گرنگی بەردەوامدان بە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە ئۆفیسی نیشتیمانی وئۆفیسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان چونکە ئامانجێکە لە ئامانجەکانی پیلانی ستراتیجی لە رێگای بڵاوکردنەوەی کەلوپەلی خوێندراوە وبیستراوە وبینراوە لە ئامەرازی راگەیاندنی خۆماڵی وئامەرازی پەیوەندی کردن بە کۆمەڵگاوە ، بۆ هاندانی دەنگدەران بۆ سەردانی کردنی ناوەندەکانی تۆمارکردن وتەواوکردنەوەی هەردوو پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری وپێدانی کارتی دەنگدەری هەڵبژاردنەکان .**

**هەروەها لە گەڵ ڕێکەوتن لە کۆبوونەوەی بەردەوام لە گەڵ سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، ئەم کارانە بوو بە هۆکاری ئەنجامدانی تۆمارکردنی (٥٦٤,٥١٥) دەنگدەر لە ئەوانە لەدایکبووە نوێەکان بۆ ساڵی 2004 کەوا ژمارەیان گەیشتە (١٢٧,٣٧٨) دەنگدەر هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ژمارەی ئەو کارتانەی کەوا دابەشکراوە گەیشتوەتە (١١١,٧٦٣) کارتی بایۆمەتری دەنگدانی گشتی دابەشکردوە ، و (٤٧٨,٢٤٧) کارتی بایۆمەتری دەنگدانی تایبەت ، دەربارەی کارتی ئاوارەکان وڕاگوێزراوان ژمارەیان گەیشتوەتە (٤٦,٦٩٢) کارتی بایۆمەتری بە ئامادەبوونی چاودێری ناوخۆیی ، و بریکاری حزبی سیاسی ، بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵبەری ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن** https://ihec.iq/biometric-registration .

**لە بارەیەکی پەیوەندی دارەوە ، سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان ویاریدەدەرەکانی وبەڕیوەبەرەکانی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان ئاراستەی کرد بە سەردانی کردنی مەیدانی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان بۆ کۆگاکانی تایبەت بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە بەغداد وپارێزگاکان ، بۆ وەستان لە سەر واقعی کارەکان لە کۆگاکان ودڵنیابوون لە هەبوونی پێداویستیەکانی تەندروستی وبەرگری کۆگاکان وئامێرەکانی ، ودڵنیابوون لە شەحن کردنی بەردەوام بۆ باتریەکان وئامیرەکانی هەڵبژاردنەکان و بەردەوامبوونی پاراستنی ، وێڕای ڕێکەوتن لە گەڵ ئەنجامدانی وورکشۆپی ڕاهێنان بۆکارمەندەکانی تایبەت بە لایەنی بەرگری مەدەنی وسلامەتی پیشەیی .**

**لە بارەیەکی ترەوە ، وبۆ شارەزابوون لە ئەزموونی جیهانی وسوودوەرگرتن لە لایەنەکانی هەڵبژاردنەکان دادوەر ( جلیل عدنان خلف) سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ئاراستەی کرد بە بەشی تایبەت لە کۆمیسیۆن بۆ ئامادەکردنی خوێندنەوەیەك بۆ بەراوردکردنی یاسا وسیستمی هەڵبژاردنەکان لە نێوان وڵاتەکانی جیهان وئەزموونەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەروەها خوێندنەوەی بەراوردکردنی ئەزموونی نەتەوەیەکگرتوەکانی مەکسیك وئەزموونی عێراقی لە لایەنی یاسا و وسیستمی ناوخۆ وئەزموونی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەڵبژاردنەکان ئەوانەی پەیوەندی هەیە بە سکاڵا وتانە.**

**هەروەها بۆ تەواوکردنی پرۆژەی ڕۆشنبیرکردنەوەی قوتابیەکان لە قوتابخانەکان ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە پارێزگاکانی (کەربەلا ، موسنا، بابل، بغداد/رسافە، ونەجەف) بە ڕێکارەکانی کفتوگۆکردنی پرۆسەی دەنگدان لە قوتابخانەکانی جۆراوجۆر لە پارێزگاکان لە چوارچێوەی پرۆژەی (هەڵبژاردنەکانی بەرلەمانی قوتابیەکان) بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردنەکان لە نێوان قوتابیەکان بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان گونجاوە بۆ دەنگدان .**

**ووتەبێژی ڕاگەیاندن**